| ٩٤ | ئەرسەلان ڕەسووڵی عەمارلویی | | نوسەری کورد لە مازەندەران کە بە تۆمەتی بێڕێزکردن بە خامنەیی سزای ٦ مانگ زیندانی دراوەتێ | ١٤٠٢/١١/٤ |
| ٩٥ | محەممەد بارخودا | مەریوان | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١١/٤ |
| ٩٦ | ئەشکان بارخودا | مەریوان | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١١/٤ |
| ٩٧ | فارووق حوسێنی | بۆکان | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی حکومەت گیراوە | ١٤٠٢/١١/٦ |
| ٩٨ | دلێر زاهیدیپوور | مەریوان | بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی حکومەت گیراوە | ١٤٠٢/١١/٦ |
| ٩٩ | ئەمیر بەشات | بۆکان | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١١/٧ |
| ١٠٠ | ئۆمید خزرنژاد | پیرانشار | بانگ کراوەتە ئیدارەی ئیتلاعات و دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١١/٧ |
| ١٠١ | جەماڵ عەبدوڵڵاهی | بانە | بانگ کراونەتە دادگا لە تاران و دەسبەسەر کراون | ١٤٠٢/١١/٧ |
| ١٠٢ | کەماڵ عەبدوڵڵاهی | بانە | بانگ کراونەتە دادگا لە تاران و دەسبەسەر کراون | ١٤٠٢/١١/٧ |
| ١٠٣ | ئیبراهیم سەجادی | سەولاوای مەریوان | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١١/٨ |



شاهین وەساف، خەڵکی سەڵماس کە پاش ساڵێک بەندکرانی بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ دەزگای هەواڵگریی مووسادی ئیسرائیل سزای ئێعدامی بەسەردا سەپاوە.



ئەمیرحوسێن مووسەوییانزادە ، خەڵکی ئاودانانی ئیلام و لە دەسبەسەرکراوانی شۆڕشی ژینا کە ڕۆژی ١٤٠٢/١٢/١ دیسانەکە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی ڕێژیم دەسبەسەر کراوەتەوە.



دانا لەنجاوایی، چالاکی مەدەنی و بەندکراوی سیاسیی پێشووی خەڵکی مەریوان کە ڕۆژی ١ی ڕەشەمە ی دەسبەسەر کرا و بۆ ئیلاعاتی ئەم شارە ڕاگوێزرا.

> **دەوڵەتان دەبێ دڵنیایی بدەن کە گیراوەکان تەنیا لە بەندیخانە ناسراو و ڕەسمییەکاندا ڕادەگیرێن و، دەبێ ناونیشان و تایبەتمەندیی گیراوەکانی هەرکام لە بەندیخانەکان لە دەفتەری بەندیخانەکەیان و هەروەها لە ناوەندە پێوەندیدارەکان بە شێوەیەکی ڕەسمی تۆمار کرابێ. بنەماڵەکان، پارێزەران، قازییەکان و کەسان و ناوەندەکانی دیکە دەبێ دەستیان بەو دەفتەر و شوێنانە ڕابگا کە ناوەکانیان تێدا تۆمار کراوە و قانوون مافیان پێ دەدا کە بیان بینن. بەندیخانە و گرتنە نهێنییەکان دەبێ کۆتاییان پێبێ.**
>
> *(بەرنامەی پێشنیارکراوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون بۆ پێشگیری لە ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان)*

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاری لەسەر پەروەندەکەی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١٠٤ | حوسێن کەریمپوور | نەوسوود | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١١/٨ |
| ١٠٥ | ڕادمان سولێمانی | دیواندەرە | ناوەندە ئەمنیەتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ماڵەکەی و گرتوویانە | ١٤٠٢/١١/١٠ |
| ١٠٦ | حەسەن مەردانی | بۆکان | بە مەبەستی کێشانی ٣٦ مانگ زیندان بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات بەرێی گرتووخانە کراوە | ١٤٠٢/١١/١٠ |
| ١٠٧ | لوقمان پیشیار | بۆکان | بە مەبەستی کێشانی ٤٠ مانگ زیندان بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات بەرێی گرتووخانە کراوە | ١٤٠٢/١١/١٠ |
| ١٠٨ | ئیبراهیم ڕەسووڵپوور | نەغەدە | بەتۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات سزای ساڵێک زیندانیی بەسەردا سەپاوە | ١٤٠٢/١١/١٠ |
| ١٠٩ | ئوسامە ئەیازی | سەلاسی باوەجانی | بە تۆمەتی «هاوکاریکردن لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکان» دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١١/١١ |
| ١١٠ | بەرزان یووسفی | سەلاسی باوەجانی | بە تۆمەتی «هاوکاریکردن لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکان» دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١١/١١ |
| ١١١ | ئارین خاڵخاڵ | سەلاسی باوەجانی | بە تۆمەتی «هاوکاریکردن لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکان» دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١١/١١ |
| ١١٢ | شاهین ڕەحمانی | سەلاسی باوەجانی | بە تۆمەتی «هاوکاریکردن لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکان» دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١١/١١ |
| ١١٣ | مازیار ئەحمەدی | سەلاسی باوەجانی | بە تۆمەتی «هاوکاریکردن لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکان» دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١١/١١ |
| ١١٤ | حوسێن ئیبراهیمی | مەهاباد | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١١/١١ |
| ١١٥ | یاسین ئاباریان | پیرانشار | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١١/١٤ |
| ١١٦ | عیسا ئیبراهیمزادە | شنۆ | چالاکی مەدەنییە و بانگ کراوەتە ئیدارەی ئیتلاعات و دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١١/١٥ |
| ١١٧ | ئەسعەد محەممەدی | سنە | بە مەبەستی کێشانی ١٢ مانگ زیندان بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی وڵات! بەرێی گرتووخانە کراوە | ١٤٠٢/١١/١٧ |
| ١١٨ | ژیلا هۆژەبری | مەریوان | بە مەبەستی کێشانی ٦٠ مانگ زیندان بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی وڵات! بەرێی گرتووخانە کراوە | ١٤٠٢/١١/١٧ |
| ١١٩ | زوبەیر حوسێنپەناهی | دێولان | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١١/١٨ |
| ١٢٠ | عەباس حوسێنپەناهی | دێولان | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١١/١٨ |
| ١٢١ | کارزان ئاسم | کامیاران | ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە بازگەی شاری کامیاران بە هۆکاری نەزانراو گرتوویانە | ١٤٠٢/١١/١٨ |
| ١٢٢ | مامۆستا محەممەد خزرنژاد | بۆکان | لە دەسبەسەرکراوانی شۆڕشی ژینا کە بە تۆمەتی "فەساد لەسەر عەرز" سزای ئێعدامی بەسەردا سەپاوە | لە زینداندایە |
| ١٢٣ | فاتمە شێخی | ئاودانانی ئیلام | بە تۆمەتی بێڕێزیکردن بە پیرۆزییەکانی ئیسلام سزای ساڵێک بەندکرانی بەسەردا سەپاوە | ١٤٠٢/١١/١٨ |

> **هەر جۆرە ئەمرێکی گرتن و زیندانی کردن دەبێ تەنیا لە لایەن بەرپرسانێک کە قانوون دەستنیشانی کردوون، دەربچێ و جێبەجێ بکرێ. مەئموووران دەبێ خۆیان بە تاوانبارکراو بناسێنن و کارتی پێناس نیشان بدەن. ئەگەر لە شوێنی گرتنەکە، کەسانێک وەك شایەدی ڕووداوەکە هەبن و داوا بکەن کە مەئموووران خۆیان پێ بناسێنن، دەبێ خۆ بە وانیش بناسێنن. دەوڵەتان لە سەریانە کە ئۆرگانەکانیان و کەسانی بەرپرس لە کاروباری گرتن و زیندانی کردنی مرۆڤەکان بە تەواوی دیاری بکەن و لە کاتی لادان و پێشێلکاریدا، تەمبێیان بکەن.**
>
> *(بەرنامەی پێشنیارکراوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون بۆ پێشگیری لە ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان)*

| ڕیز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاری لەسەر پەروەندەکەی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ۱۲۴ | دیاکۆ بێهرووجە | جوانرۆ | بەهۆی خۆشیدەربڕین بە دۆڕانی تیمی فوتباڵی ئێران بە قەتەر دەسبەسەر کراوە | ۱۴۰۲/۱۱/۱۸ |
| ۱۲۵ | محەممەد یۆسفی | جوانرۆ | بەهۆی خۆشیدەربڕین بە دۆڕانی تیمی فوتباڵی ئێران بە قەتەر دەسبەسەر کراوە | ۱۴۰۲/۱۱/۱۸ |
| ۱۲۶ | حەمزە | جوانرۆ | بەهۆی خۆشیدەربڕین بە دۆڕانی تیمی فوتباڵی ئێران بە قەتەر دەسبەسەر کراوە | ۱۴۰۲/۱۱/۱۸ |
| ۱۲۷ | سۆران پاچیدە | مەهاباد | خەڵکی ئاوایی "قەباغکەندی" و ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ۱۴۰۲/۱۱/۱۹ |
| ۱۲۸ | سەفا عائیلی | سەقز | خاڵی ژینا ئەمینی کە بە تاوانی بەشداری لە شۆڕشی ژینا سزای ٦٤ مانگ و ١٧ ڕۆژ زیندانی بەسەردا سەپاوە | لە زینداندایە |
| ۱۲۹ | سەمیرا ئەحمەدی | سەقز | بە تۆمەتی ئەندامەتی لە گرووپی تێکدەری نەزمی نێوخۆیی ئێران سزای ٣٦ مانگ زیندانی دراوەتێ | لە زینداندایە |
| ۱۳۰ | محەممەدئازاد ئەمینی | سەقز | بە تۆمەتی ئەندامەتی لە گرووپی تێکدەری نەزمی نێوخۆیی ئێران سزای ٣٦ مانگ زیندانی دراوەتێ | لە زینداندایە |
| ۱۳۱ | هیوا تاتایی | سەقز | بە تۆمەتی ئەندامەتی لە گرووپی تێکدەری نەزمی نێوخۆیی ئێران سزای ٣٦ مانگ زیندانی دراوەتێ | لە زینداندایە |
| ۱۳۲ | شێرکۆ (خالید) حیجازی | سەقز | بە تۆمەتی ئەندامەتی لە گرووپی تێکدەری نەزمی نێوخۆیی ئێران سزای ٤٢ مانگ زیندانی دراوەتێ | لە زینداندایە |
| ۱۳۳ | ئۆمید موقەدەس | سەقز | بە تۆمەتی ئەندامەتی لە گرووپی تێکدەری نەزمی نێوخۆیی ئێران سزای ٢٤ مانگ زیندانی دراوەتێ | لە زینداندایە |
| ۱۳۴ | ئازاد ئەمینی | سەقز | لە مامۆستایانی زمانی کوردی کە بە تۆمەتی چالاکیی دژی حکومەت سزای ٣٦ مانگ زیندانیی بەسەردا سەپاوە | ۱۴۰۲/۱۱/۲۱ |
| ۱۳۵ | عەبدوڵلا ڕەهنەوەرد | مەریوان | ناوەندە ئەمنیەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵەکەی و لەگەڵ خۆیان بردوویانە | ۱۴۰۲/۱۱/۲۱ |
| ۱۳۶ | یاسر حوسێنی | کامیاران | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ۱۴۰۲/۱۱/۲۳ |
| ۱۳۷ | سەجاد مەلەکشایی | قوروە | بە تاوانی هاندانی خەڵک بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان گیراوە | ۱۴۰۲/۱۱/۲۳ |
| ۱۳۸ | حوسین ساعدمووچشی | کامیاران | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ۱۴۰۲/۱۱/۲۴ |
| ۱۳۹ | مستەفا زاهیرزهوور | سنە | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ۱۴۰۲/۱۱/۲۴ |
| ۱۴۰ | شەعبان موریدی | جوانرۆ | لە دەسبەسەرکراوانی شۆڕشی ژینا کە دیسانەکە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گیراوە | ۱۴۰۲/۱۱/۲۴ |
| ۱۴۱ | کاوە چووپانی | دیواندەرە | ئیدارەی ئیتلاعات لە شوێنی کارەکەی (سافکاری ئوتومبیلە) گرتوویەتی | ۱۴۰۲/۱۱/۲۴ |
| ۱۴۲ | محەممەد مەحموودی | جوانرۆ | بەهۆی خۆشیدەربڕین بە دۆڕانی تیمی فوتباڵی ئێران بە قەتەر دەسبەسەر کراوە | ۱۴۰۲/۱۱/۲۴ |
| ۱۴۳ | پێدرام حوسێنپەناهی | سنە | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ۱۴۰۲/۱۱/۲٦ |
| ۱۴۴ | ئاکۆ محەممەدنیا | سنە | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ۱۴۰۲/۱۱/۲٦ |
| ۱۴۵ | مازیار مەلەکی | سنە | بەهۆی چالاکیی میدیایی و بانگەشە بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس گیراوە | ۱۴۰۲/۱۱/۲۷ |

**هەموو ئەو کەسانەی دەگیرێن دەبێ دەستبەجێ بە دادگا و بەرپرسانی قەزایی بسپێردرێن. ئەندامانی بنەماڵە، پارێزەران، وەکیلەکانی دادگوستەری و پزیشکەکان دەبێ بە ڕێکوپێکی گیراوەکە لە هەموو قۆناغەکانی گیراندا ببینن. دەبێ ڕێگای سەردان و پشکنینی ڕێکوپێك، لەپڕوناکاو و بەبێمەرج، لە هەموو بەندیخانەکان بە لێکۆڵەرانی دەوڵەتی بدرێ.**

*(بەرنامەی پێشنیارکراوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون*
*بۆ پێشگیری لە ڕفاندن و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان)*

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاری لەسەر پەروەندەکەی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١٤٦ | ڕەشاد پەرویزی | سنە | ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگیی ڤەژین و بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی دژی حکومەت گیراوە | ١٤٠٢/١١/٢٨ |
| ١٤٧ | محەممەدعەلی وەحدەتی | قووچان | تەمەن ٦٥ ساڵ و لە کوردەکانی خۆراسان کە بەهۆی چالاکیی سیاسیی سزای ١٥ ساڵ زیندانی دراوەتێ | ١٤٠٢/١١/٢٨ |
| ١٤٨ | خوسرەو عەلیکوردی | مەشهەد | لە کوردەکانی باکووری ئێران کە بۆ کێشانی ساڵێک بەندکرانی بەهۆی چالاکیی شوناخوازی بەرێی زیندان کراوە | ١٤٠٢/١١/٢٨ |
| ١٤٩ | مورتەزا کەیوانلوو | جوغتای | لە کوردەکانی خۆراسان کە بەهۆی چالاکیی سیاسیی شوناسخوازانە دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١١/٢٩ |
| ١٥٠ | هێمن نیک‌پەی | مەریوان | چالاکی فەرهەنگی و بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی دژی حکومەت گیراوە | ١٤٠٢/١١/٢٩ |
| ١٥١ | سۆهراب گوڵمحەممەدی | کامیاران | بانگ کراوەتە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەسبەسەر و شوێن‌بزر کراوە | ١٤٠٢/١١/٣٠ |
| ١٥٢ | زانا مینبەری | سنە | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١٢/١ |
| ١٥٣ | مێهران ڕەحیمی | قووچان | لە کوردەکانی خوراسانە و بە تاوانی چالاکیی هونەری و فەرهەنگیی شوناسخوازانە گیراوە | ١٤٠٢/١٢/١ |
| ١٥٤ | شاهین وەساف | سەڵماس | بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ دەزگای هەواڵگریی مووسادی ئیسرائیل سزای ئێعدامی بەسەردا سەپاوە | لە زینداندایە |
| ١٥٥ | ئەمیرحوسێن مووسەویانزادە | ئاودانانی ئیلام | لە دەسبەسەرکراوانی شۆڕشی ژینا کە دیسانەکە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گیراوە | ١٤٠٢/١٢/١ |
| ١٥٦ | دانا لەنجاوایی | مەریوان | ژینگەپارێز و چالاکی کۆمەڵایەتی کە بە تۆمەتی شێواندنی بیروڕای گشتیی خەڵک گیراوە | ١٤٠٢/١٢/١ |
| ١٥٧ | حوسێن حوسێن‌پوور | مەهاباد | لە بریندارانی شۆڕشی ژینا کە بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی نیشتمانیی وڵات! ساڵێک زیندان دراوەتێ | لە ڕێبەندانڎا |
| ١٥٨ | عەبدولکەریم کاکۆڵ | شنۆ | بە مەبەستی کێشانی ١٢ مانگ زیندان بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات بەرێی گرتووخانە کراوە | ١٤٠٢/١٢/٣ |



حوسێن حوسێن‌پوور، خەڵکی مەهاباد و لە بریندارانی شۆڕشی ژینا کە بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی نیشتمانیی وڵات! ساڵێک زیندان دراوەتێ.



محەممەدعەلی وەحدەتی، خەڵکی قووچان، تەمەن ٦٥ ساڵ، لە کوردەکانی خۆراسان کە بەهۆی چالاکیی سیاسیی سزای ١٥ ساڵ زیندانی دراوەتێ.



خەسرەو عەلیکوردی، پارێزەر و هاونیشتمانیی کوردی دانیشتووی شاری مەشهەد بە مەبەستی تێپەڕاندنی سزای سەپێندراوی یەک ساڵ بەندکرانی، دەستبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانەی وەکیل ئاباد کرا.

**پارێزگاری و داکۆکی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان و ماف و ئازادییەکانی ئەندامانی ئەوان، شتێکی جیانەکراوە لە داکۆکیی نێونەتەوەیی لە مافەکانی مرۆڤ و، بەشێك لە هاوکاریيە نێونەتەوەییەکان پێکدێنێ.**

*(ماددەی١ی ڕاگەیەندراوی شووورای ئەورووپا بۆ پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان)*

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاری لەسەر پەروەندەکەی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١٥٩ | عەلی باقدەم | مەریوان | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١٢/٣ |
| ١٦٠ | حامید ئەمینی | مەریوان | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١٢/٣ |
| ١٦١ | سیروان بازرگان | مەریوان | ئیدارەی ئیتلاعات بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی حکومەت گرتوویەتی | ١٤٠٢/١٢/٣ |
| ١٦٢ | نیما مرادی | دیواندەرە | بانگ کراوەتە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١٢/٧ |
| ١٦٣ | ئەشکان فەرەجوڵڵاهی | دیواندەرە | بانگ کراوەتە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١٢/٧ |
| ١٦٤ | سینا (پاشناو نەزانراو) | دیواندەرە | بانگ کراوەتە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١٢/٧ |
| ١٦٥ | مەهوەش تەوەسولی | پیرانشار | بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری حکومەت سزای ٢١ مانگ زیندانی دراوەتێ | ١٤٠٢/١٢/٨ |
| ١٦٦ | مەتین ڕازیان | سەقز | تەمەنی ١٧ ساڵە و ناوەندە ئەمنیەتییەکان بە هۆکاری نەزاندراو گرتوویانە | ١٤٠٢/١٢/٨ |
| ١٦٧ | شەهاب دارابی | شائابادی کرماشان | بە تۆمەتی بانگەشە بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس گیراوە | ١٤٠٢/١٢/٩ |
| ١٦٨ | نەوید مستەفازادە | بۆکان | خەڵکی ئاوایی داشبەند، تەمەن ١٧ ساڵە و ناوەندە ئەمنیەتییەکان بە هۆکاری نەزاندراو گرتوویانە | ١٤٠٢/١٢/١٠ |
| ١٦٩ | ماردین گەنجی | قوروە | بە تۆمەتی بانگەشە بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و ڕەخنە لە کاندیدێکی مەجلیس گیراوە | ١٤٠٢/١٢/١٠ |



ئازاد ئەمینی لە چالاکانی مەدەنیی سەقز کە هاوکات لەگەڵ ساڵیادی کوژرانی ژینا ئەمینی دەستبەسەرکرابوو، لەلایەن دەزگای دادوەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە سزای ٣ ساڵ بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا.



مەهوەش تەوەسولی، خەڵکی پیرانشار کە بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم سزای ٢١ مانگ زیندانی دراوەتێ.



خەبات وەیسی، خوێندکاری زانکۆ، خەڵکی مەریوان کە بۆ کێشانی سزای ١٥ مانگ زیندان بە تۆمەتی بانگەشە ڕێژیم گیراوە.

> ولآتانی ئەندام بەرعۆدە دەبن کە مافی یەکسانبوون لەبەرانبەر قانووندا، پارێزگاریی قانوونیی وەك یەك بۆ هەرکەسێك کە سەر بە کەمایەتییەکی نەتەوەییە، دەستەبەر بکەن. بەم پێیە هەر چەشنە جیاوازیدانانێك لەسەر بناغەی بەستراوەیی بە کەمایەتییەکی نەتەوەیی، قەدەغەیە. هەروەها هەنگاوی گونجاو هەڵبگرن بۆ ئەوەی بەرابەریی تەواوو ڕاستەقینە لە نێوان ئەندامانی کەمایەتییەکی نەتەوەیی لەگەڵ زۆرایەتیی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سیاسی و کولتووریی ژیاندا، جێگیر بێ‌و، قووڵتر بێتەوە.
>
> *(ماددەی٤ی ڕاگەیەندراوی شووڕای ئەورووپا بۆ پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان)*

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاری لەسەر پەروەندەکەی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١٧٠ | حەسەن جەنگخواە | سەڵماس | بۆ کێشانی سزای ٨٤ مانگ زیندان بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژی حکومەت گیراوە | ١٤٠٢/١٢/١٠ |
| ١٧١ | کەیوان ڕەحیمپوور | دیواندەرە | تەمەنی ١٩ ساڵە و ناوەندە ئەمنیەتییەکان بە هۆکاری نەزانراو گرتوویانە | ١٤٠٢/١٢/١١ |
| ١٧٢ | خەبات وەیسی | مەریوان | بۆ کێشانی سزای ١٥ مانگ زیندان بە تۆمەتی بانگەشە دژی حکومەت گیراوە | ١٤٠٢/١٢/١٢ |
| ١٧٣ | سولێمان عەبدی | سەقز | ئەندامی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایان کە بۆ کێشانی سزای ٨ مانگ زیندان بە تۆمەتی بانگەشە حکومەت گیراوە | ١٤٠٢/١٢/١٣ |
| ١٧٤ | ڕەسووڵ فەرەجی | سەقز | کرێکاری خانوبەرە و ناوەندە ئەمنیەتییەکان بە هۆکاری نەزانراو گرتوویانە | ١٤٠٢/١٢/١٣ |
| ١٧٥ | فەرزاد مەحموودپوور | شنۆ | بۆ کێشانی سزای ٦٠ مانگ زیندان بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی وڵات و بانگەشە دژی حکومەت گیراوە | ١٤٠٢/١٢/١٥ |
| ١٧٦ | ڕامین گورکانی | کامیاران | بانگ کراوەتە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١٢/١٥ |
| ١٧٧ | ئیلهام چووبدار | ورمێ | سزای ٣٦ مانگ زیندان بە تۆمەتی فەساد لەسەر عەرز و بانگەشە دژی حکومەتی بەسەردا سەپاوە | لە زینداندایە |
| ١٧٨ | ئاوارە حەیدەری | پاوە | شاعیر و نووسەر کە بانگ کراوەتە ئیتلاعات و دەسبەسەر و دوای ڕۆژێک ئازاد کراوە | ١٤٠٢/١٢/١٧ |
| ١٧٩ | فریاد قادری | سنە | بۆ لێپرسینەوە بانگ کراوەتە ئیدارەی ئیتلاعات و دەسبەسەر کراوە | ١٤٠٢/١٢/٢٠ |
| ١٨٠ | زانیار فەتاحیان | بۆکان | بە تۆمەتی هاندانی خەڵک بۆ دژایەتیی حکومەت سزای ١٨ مانگ زیندانی بەسەردا سەپاوە | ١٤٠٢/١٢/٢١ |



فەرزاد مەحموودپوور، خەڵکی شنۆ کە بۆ کێشانی سزای ٦٠ مانگ زیندان بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی وڵات و بانگەشە دژی ڕێژیم گیراوە.



ماموستا حەسەن جەنگخواە، ماموستای ئایینی خەڵکی سەڵماس کە بۆ کێشانی سزای ٧ ساڵ زیندان بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژی ڕێژیم گیراوە.



مەحەممەدتاهیر حوسێنپوور، خەڵکی نەغەدە لەلایەن لقی یەکی دادگای شۆڕشی مەهابادەوە بە تۆمەتی «موحارەبە و ئەندامەتی و هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبەکانی کوردستان» سزای ١٣ ساڵ بەندکرانی بەسەردا سەپا.

> وڵاتانی ئەندام بەرعۆدەن هەلومەرجێك پێكبێنن تا ئەندامانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان بتوانن کولتووری خۆیان بپارێزنو بیبووژێننەوە و لایەنەکانی پێکهێنەری ناسنامەی خۆیان وەك ئایین، زمان، نەریتەکانو میراتە کولتوورییەکانی خۆیان بپارێزن.
>
> *(ماددەی ٥ی ڕاگەیەندراوی شووڕای ئەورووپا بۆ پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان)*

| ڕیز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاری لەسەر پەروەندەکەی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ۱۸۱ | میدیا شێخی | دیواندەرە | تەمەن ۱۷ ساڵ و ئیتلاعات بە تۆمەتی بانگەشە دژی حکومەت گرتوویەتی | ۱۴۰۲/۱۲/۲۲ |
| ۱۸۲ | کارۆ حەمیدی | دیواندەرە | تەمەن ۱۷ ساڵ و ئیتلاعات بە تۆمەتی بانگەشە دژی حکومەت گرتوویەتی | ۱۴۰۲/۱۲/۲۲ |
| ۱۸۳ | سامان ڕەحمانپەنا | سەقز | لە دەسبەسەرکراوانی شۆڕشی ژینا کە بۆ جاری چەندەم دەسبەسەر کراوەتەوە | ۱۴۰۲/۱۲/۲۵ |
| ۱۸۴ | کامیل شایانمێهر | پیرانشار | بۆ لێپرسینەوە بانگ کراوەتە ئیدارەی ئیتلاعات و دەسبەسەر کراوە | ۱۴۰۲/۱۲/۲۶ |
| ۱۸۵ | ماردین گاگەشی | پیرانشار | تەمەن ۱۵ ساڵ و ئیتلاعات بە تۆمەتی بانگەشە دژی حکومەت گرتوویەتی | ۱۴۰۲/۱۲/۲۷ |
| ۱۸۶ | شەهرام شاهی | شنۆ | ئیتلاعاتی سپا بە تۆمەتی چالاکیی دژی حکومەت گرتوویەتی و شوێنبزر کراوە | ۱۴۰۲/۱۲/۲۷ |
| ۱۸۷ | فەخرەدین ئەحمەدی | شنۆ | ئیتلاعاتی سپا بە تۆمەتی چالاکیی دژی حکومەت گرتوویەتی و شوێنبزر کراوە | ۱۴۰۲/۱۲/۲۷ |
| ۱۸۸ | ڕەحیم سلامەت | شنۆ | ئیتلاعاتی سپا بە تۆمەتی چالاکیی دژی حکومەت گرتوویەتی و شوێنبزر کراوە | ۱۴۰۲/۱۲/۲۷ |
| ۱۸۹ | هیوا شەریفی | شنۆ | بە تۆمەتی چالاکیی تەبلیغی دژی حکومەت سزای ۳ مانگ زیندانی بەسەردا سەپاوە | لە ڕەشەمەدا |
| ۱۹۰ | شوانە بابەکری | شنۆ | بە تۆمەتی چالاکیی تەبلیغی دژی حکومەت سزای ٦ مانگ زیندانی بەسەردا سەپاوە | لە ڕەشەمەدا |
| ۱۹۱ | شەفیع بابەکری | شنۆ | بە تۆمەتی چالاکیی تەبلیغی دژی حکومەت سزای ٦ مانگ زیندانی بەسەردا سەپاوە | لە ڕەشەمەدا |
| ۱۹۲ | ساڵح سەخاوەت | شنۆ | بە تۆمەتی چالاکیی تەبلیغی دژی حکومەت سزای ۳ مانگ زیندانی بەسەردا سەپاوە | لە ڕەشەمەدا |
| ۱۹۳ | شاهین ئیبراهیمی | شنۆ | بە تۆمەتی چالاکیی تەبلیغی دژی حکومەت سزای ۳ مانگ زیندانی بەسەردا سەپاوە | لە ڕەشەمەدا |
| ۱۹۴ | حەمزە حەسەنمەلا | میاندواو | خەڵکی ئاوایی جەعفەراباد کە بە تۆمەتی چالاکی ئەمنیەتی دژی حکومەت گیراوە | ۱۴۰۲/۱۲/۲۷ |
| ۱۹۵ | کەماڵ گولابی | میاندواو | خەڵکی ئاوایی جەعفەراباد کە بە تۆمەتی چالاکی ئەمنیەتی دژی حکومەت گیراوە | ۱۴۰۲/۱۲/۲۷ |
| ۱۹۶ | ئەمیر ڕەحمانی | شنۆ | ئیتلاعاتی سپا بە تۆمەتی چالاکیی دژی حکومەت گرتوویەتی و شوێنبزر کراوە | ۱۴۰۲/۱۲/۲۸ |
| ۱۹۷ | محەممەدتاهیر حوسێنپوور | نەغەدە | بە تۆمەتی محاربە لە ڕێگەی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردی سزای ۱۳ ساڵ زیندانی دراوەتێ | لە زینداندایە |

**وڵاتانی ئەندام مافەکانی هەموو تاکێکی سەربە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوەی هێمنانەو ئاشتیخوازو بۆ خۆڕێکخستنی ئازادانە، دابین و دەستەبەر دەکەن و، هەروەها ڕێز لە ئازادیی دەربڕین، بیروڕا، ویژدان و ئایینیی ئەوان دەنێن و ڕەچاویان دەکەن.**
*(ماددەی٧ی ڕاگەیەندراوی شووڕای ئەورووپا بۆ پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان)*



## ناونیشانی ئەو کەسانەی لە سێ مانگی زستانی ١٤٠٢دا لەدار دراون

| ریز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاریی ڕووداو | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کەرەموڵلا لورستانی | بروجێرد(لۆڕستان) | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی ناوەندیی خورەم‌ئاوا لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢ |
| ٢ | حوسێن پاپی | بروجێرد(لۆڕستان) | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی ناوەندیی خورەم‌ئاوا لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢ |
| ٣ | محەممەدڕەزا مێهرەبان | سنە | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی قوروە لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٥ |
| ٤ | ڕامین فەقیری | کەنگاوەر | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی ناوەندیی بیرجەند لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٦ |
| ٥ | محەممەد حەساری | کرماشان | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی بەندەرعەباس لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٦ |
| ٦ | کەریم ئەمینی‌خواه | بۆکان | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی بەندەرعەباس لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٧ |
| ٧ | نەسیم نەمازی | ورمێ(شارۆمەندی بە ڕەگەز ئازەری) | بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ مووساد لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٨ |
| ٨ | ڕەحمان پەرهازوو | ورمێ | بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ مووساد لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٨ |
| ٩ | ئارام عومەری بەردیانی | ورمێ | بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ مووساد لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٨ |
| ١٠ | وەفا هەنارە | ورمێ | بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ مووساد لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٨ |
| ١١ | ئەحمەد (عەبدول) شاواڵی | ئیلام | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٩ |
| ١٢ | مەسعوود ڕۆستەمی | کرماشان | بە تۆمەتی دزی و ئازاردانی خەڵک لە زیندانی ناوەندیی کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/١١ |
| ١٣ | ئەفشین محەممەدی | کرماشان | بە تۆمەتی دزی و ئازاردانی خەڵک لە زیندانی ناوەندیی کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/١١ |

> **هەموو تاکێ لە بەرانبەر دادگاو دەزگای دادپەروەریدا مافی یەکسانیان هەیە. لە کاروباری بڕیاردان لە بارەی هەر تاوانێك کە دەدرێتە پاڵ تاکێك، یان بڕیارێك کە لە دژی مافو بەرپرسیارەتییە قانوونییەکانی ئەو بێ، کەسی تاوانبارکراو دەبێ مافی ئەوەی هەبێ بە هۆی دادگایەکی قانوونی، بێ‌لایەن، خاوەن سەلاحییەتو سەربەخۆ، بە شێوەیەکی دادپەرەرانەو ئاشکرا لە تاوانەکانی بکۆڵدرێتەوە.**
>
> *(ماددەی ١٤ی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان)*

| ڕیز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاریی ڕووداو | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ١٤ | ناوخاس مەلەکی (مەلەکزادە) | کرماشان | بە تۆمەتی دزی و ئازاردانی خەڵک لە زیندانی ناوەندیی کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/١١ |
| ١٥ | داریووش شوکرزادە | کرماشان | بە تۆمەتی دزی و ئازاردانی خەڵک لە زیندانی ناوەندیی کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/١١ |
| ١٦ | مەنووچێهر(حوجەتوڵڵا) عوقابی | کرماشان | بە تۆمەتی دزی و ئازاردانی خەڵک لە زیندانی ناوەندیی کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/١١ |
| ١٧ | داوود عەبدوڵڵاهی | مەهاباد | زیندانیی سیاسیی عەقیدەتی کە لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە سێدارە درا | ١٤٠٢/١١/١٢ |
| ١٨ | هاشم زوورئابادی | کوردی سەبزەوار | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی سەبزەوار لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/١٣ |
| ١٩ | مەهدیی کەیوانلوو | کوردی سەبزەوار | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی سەبزەوار لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/١٣ |
| ٢٠ | سەعید (عەلی) مرادیان | کەنگاوەری ئیلام | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی هەمەدان لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/١٤ |
| ٢١ | کیومەرس غولامی | سەراوڵەی ئیلام | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/١٨ |
| ٢٢ | محەممەدحوسێن گەراوەند | کۆیەشتی لورستان | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/١٨ |
| ٢٣ | فلیت عابدی | ورمێ | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی قەزوێن لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢١ |
| ٢٤ | مەیسەم حەبیبی | نۆدشە | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی کرماشان لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢١ |
| ٢٥ | ڕەزا حەیدەری | خوڕەمئاوا | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی خوڕەمئاوا لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢٣ |
| ٢٦ | هادی نەزەری | هەرسین | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢٤ |



ئیرەج پاکی، خەڵکی شاری سەڵماس، ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندان بە تۆمەتی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر لە بەندیخانەی ناوەندیی ئەردەبیڵ لەدار درا.



موعین سەلاوەرزیزادە، خەڵکی ئاودانان و مەنسوور مەنسووری، خەڵکی سەرئاوڵە کە ڕۆژی ٢١ی ڕەشەمە لە زیندانی ناوەندیی ئیلام لەدار دران.

> هەر مرۆڤێك، مافی ئازادیی بیرکردنەوە، بیروڕا و ئایینی هەیە. ئەم مافە دەسەلات و ئازادیی قەبوڵکردنی دڵخوازانەی ئایین یان بیروڕایەکیش دەگرێتەوە. هەروەها هەر مرۆڤێك لە دەربڕینی ڕاشکاوانەی ئایین یان بیروڕای خۆیدا بە شێوەی تاکەکەسی یان بەکۆمەڵ و بە نهێنی یان ئاشکرا سەربەستە. ئەم دەسەلاتو ئازادییە، فێربوون و فێرکردنی ڕێوشوێنە ئایینییەکانی هەر مرۆڤێکیش دەگرێتەوە.
>
> *(ماددەی ١٨ی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان)*

| ڕیز | ناو و ناسناو | خەڵکی | وردەکاریی ڕووداو | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | سەید حوججەت (عەلی) میری | هەرسین | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢٤ |
| ٢٨ | ئەحمەد لەتیفی | کرماشان | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢٤ |
| ٢٩ | عەلی‌ئەکبەر مورادیان | کرماشان | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢٤ |
| ٣٠ | ئەمیرحوسێن مەلەکی | کرماشان | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢٤ |
| ٣١ | ئەکبەر خورەمتاش | کرماشان | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢٤ |
| ٣٢ | ئەکرەم کەریمپوور | سەقز | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی هەمەدان لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢٦ |
| ٣٣ | حەبیب دەرویشی | کرماشان | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی کرماشان لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢٦ |
| ٣٤ | موحسین مێهری | ئیلام | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ئیلام لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢٦ |
| ٣٥ | جەلیل سولەیمانی | کەنگاوەری ئیلام | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی هەمەدان لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٠/٢٧ |
| ٣٦ | سەلمان سەلیمی | کرماشان | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی هەمەدان لە دار دراوە | ١٤٠٢/١١/١ |
| ٣٧ | ئەحمەد حائیری | کرماشان | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی هەمەدان لە دار دراوە | ١٤٠٢/١١/١ |
| ٣٨ | فەرهاد سەلیمی | سەقز | زیندانیی سیاسیی عەقیدەتی کە لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە سێدارە درا | ١٤٠٢/١١/٣ |
| ٣٩ | محەممەدڕەزا قوربانی | ئاودانانی ئیلام | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە دار دراوە | ١٤٠٢/١١/٨ |
| ٤٠ | موحسن مەزلووم | مەهاباد | ئەندامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە دار درا | ١٤٠٢/١١/٩ |
| ٤١ | پژمان فاتحی | کامیاران | ئەندامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە دار درا | ١٤٠٢/١١/٩ |
| ٤٢ | وەفا ئازەربار | بۆکان | ئەندامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە دار درا | ١٤٠٢/١١/٩ |
| ٤٣ | محەممەد (هەژیر) فەرامەرزی | دیولان | ئەندامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج لە دار درا | ١٤٠٢/١١/٩ |
| ٤٤ | مێهدی ئازەریوون | ورمێ | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ورمێ لە دار دراوە | ١٤٠٢/١١/١١ |
| ٤٥ | حوسێن حەبیبی | ورمێ | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ورمێ لە دار دراوە | ١٤٠٢/١١/١١ |
| ٤٦ | ئیرەج پاکی | سەڵماس | بەتۆمەتی پێوەندیدار بە ماده هۆشبەرەکان لە زیندانی ئەردەبیڵ لە دار دراوە | ١٤٠٢/١١/٣٠ |
| ٤٧ | فەخرەدین مەنگوڕنیژاد | شنۆ | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی مەهاباد لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٢/١٧ |
| ٤٨ | عەباس دادوەر | مەهاباد | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی مەهاباد لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٢/١٧ |
| ٤٩ | موعین سەلاحوەرزی | ئاودانانی ئیلام | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ئیلام لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٢/٢١ |
| ٥٠ | مەنسوور مەنسووری | سەرئاوڵەی ئیلام | بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست لە زیندانی ئیلام لە دار دراوە | ١٤٠٢/١٢/٢١ |

**مافی پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەی هێمنانە بەرەسمی دەناسرێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەم مافە هیچ سنووڕو چوارچێوەیەك دانانرێ، مەگەر بە گوێرەی قانوون، ئەویش لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیك‌و لەبەر پێویستیی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی، هێمنایەتیی گشتی، ڕێکوپێکی گشتی، پارێزگاری لە سلامەت ڕەوشی گشتی، یان پارێزگاری لەئازادییەکانی کەسانی دیکە.**

*(ماددەی ٢١ی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان)*



## زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی لە سێ مانگی زستانی ١٤٠٢دا لە کوردستان بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مین

| ڕیز | ناو و ناسناو | خەڵکی | جۆری زیان | وردەکاریی ڕووداو | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیرەج مەحموودی | گیەڵان (گیلان غرب) | کوژراوە | ڕۆژی ١٧ی ڕێبەندان مین لە بن پێیدا تەقیبۆوە و بەتوندی بریندار ببوو | ١٤٠٢/١٠/٢٣ |
| ٢ | محەممەد میرانی | پاوە | بریندار بووە | خەڵکی گوندی "بانە گەورە" و بەهۆی تەقینەوەی مین لەبن پێیدا تەقیوەتەوە | ١٤٠٢/١٢/١٧ |
| ٣ | ئەبووبەکر مەریوانی | مەریوان | بریندار بووە | لە ناوچە سنوورییەکانی نەوسوود مین لە بن پێیدا تەقیوەتەوە | ١٤٠٢/١٢/١٧ |




ئیرەج مەحموودی خەڵکی گوندی «وێژنان»ی سەر بە شاری گیەڵان کە بەهۆی تەقینەوەی مین لە سنووری سۆمار بەسەختی بریندار ببوو، دوای حەوتوویەک لە شاری ئیلام بەهۆی سەختیی برینەکەی گیانی لەدەست دا.

> هەموو کەسێك مافی ئازادیی پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەی هەیە. ئەم مافە پێکهێنانی یەکیەتییەکانو ئەندامەتی لەواندا بەمەبەستی پارێزگاری لە هۆگرییەکانو قازانجەکان دەگرێتەوە. کەڵکوەرگرتن لەو مافانە بە هیچ شێوەیەك نابێ بەرتەسك بکرێتەوە.
> *(ماددەی ٢٢ی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان)*

# کۆبەندی ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی

## کوژران و بریندار بوونی ٤١٠ کۆڵبەر، گرتنی ٩٦٠ چالاکی سیاسی و ئێعدامی ١٣٢ بەندیی کورد

**لە درێژەی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی و دامودەزگا سیاسی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ماوەی ساڵی ١٤٠٢ هەتاویشدا لانیکەم ١٥٠٠ حاڵەتی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕووی داوە. بەخێرایی چاوێک بەسەر چەند حاڵەتێکی زبری پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەم ساڵدا دەخشێنین:**

### کۆڵبەرکوژی

لە کاتێکدا کۆڵبەرکوژی و سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکان بەشێکی سەرەکیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانە، لە ماوەی ساڵی ١٤٠٢ی هەتاویدا لانیکەم ٤١٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست داوە و بریندار بوون. وردەکارییەکان دەریدەخەن لەو ٤١٠ قوربانییەی ئەمساڵ ٤٦ کەسیان کوژراون و گیانیان لەدەست داوە، هەروەها ٣٦٤ کەسیش بریندار بوون.

کوژران و برینداربوونی ٤١٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە ماوەی ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی لە حاڵێکدایە کە لە ساڵی ڕابردووشدا (ی هەتاوی١٤٠١) بەپێی ئامارە ڕاگەیەندراوەکان ٢٢٥ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست دابوو و بریندار ببوون. لەو ٢٢٥ قوربانییەی ساڵی ڕابردوو ٢٩ کەسیان کوژرابوون و هەروەها ١٩٦ کەسیش بریندار ببوون.

### ڕەشبگیر و گرتنەکان

لە ماوەی ساڵی ١٤٠٢دا و ئەوەندەی سەرچاوەکانی هەواڵ پشتڕاستیان کردۆتەوە و دەستیان بە زانیارییەکان ڕاگەیشتووە، ٩٦٠ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. لەو ٩٦٠ کەسەی لە ماوەی ئەمساڵدا دەستبەسەر کراون، لانیکەم ٢٤٢ کەسیان دادگایی و سزای لە مانگێک هەتا سزای درێژخایەنی ٢٥ ساڵ زیندان و تەنانەت سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و سەرجەم ٧٣٠ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

دەستبەسەرکردنی لانیکەم ٩٦٠ کەس بەتۆمەتی چالاکیی سیاسی لەم ساڵدا لە حاڵێکدایە کە ساڵی ڕابردووش (١٤٠١) بە تایبەت دوای دەستپێکی شۆڕشی ژینا نیزیک بە هەشت هەزار کەس دەستبەسەر کران کە ناوی زیاتر لە دوو هەزار کەسیان پشتڕاست و تۆمار کرا. ئەو کەسانە زۆربەیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و بەشداری لە خۆپێشاندانەکان، هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران و، چالاکیی سینفی و مەدەنی دەستبەسەر کران و نیزیک ٣٠٠ کەسیان ژن و پتر لە ١٧٠ کەسیان منداڵ بوون.

### ئێعدامەکان

ئاماری ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٤٠٢دا لانیکەم ١٣٢ کەس بووە کە بەپێی ڕێژەی حەشیمەتی کورد لە ئێران و ئاماری ئێعدامەکان لەو وڵاتە دەردەکەوێ کە لەو بوارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشدا، کورد هەر بەشی شێری بەرکەوتوە. بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٤٠٢ لە کوردستان ئێعدام کراون، بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و کوشتنی بەئانقەست لەدار دراون. هەروەها ١٤ کەس لەو بەندکراوانە زیندانیی سیاسی و باوەڕمەندی ئایینی بوون کە ناوەکانیان بریتین لە: هێمن مستەفایی، قاسم ئابستە، ئەییوب کەریمی موحسن مەزلووم، پژمان فاتحی، وەفا ئازەربار، محەممەد (هەژیر) فەرامەرزی، فەرهاد سەلیمی، داوود عەبدوڵڵاهی، نەسیم نەمازی، ڕەحمان پەرهازوو، ئارام عومەری بەردیانی و وەفا هەنارە.

ئێعدامکرانی ١٣٢ بەندکراوی سیاسیی سیاسی کورد و تاوانبارە کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی ١٤٠٢ لە حاڵێکدایە کە ئاماری ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (١٤٠١) لانیکەم ٨٧ کەس بوو کە بەو پێیە هەڵکشانێکی بەرچاوی تێدا بەدی دەکرێت.

### قوربانییانی تەقینەوەی مین

ژمارەی قوربانییانی مینە لەکارنەخراوەکان لە ساڵی ١٤٠٢دا لانیکەم ٥٠ کەس بوو کە ناو و ناسناوی ٢٢ کەس لەوان بۆ میدیاکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئاشکرا بووە. بەپێی زانیارییەکانی «چاونیوز» لەو ٢٢ کەسە ١٨ کەسیان بریندار یان نقوستان بوون و ٤ کەسیشیان گیانیان لەدەست داوە. خاڵێکی گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ تەقینەوەی مین لە کوردستان ئاشکرانەکردنی ناو و ناسناوی قوربانییان لەلایەن ناوەندی ڕەسمییەکانی حکومەتە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ١٦ میلیۆن مینی پاشماوەی شەڕی عێراق و ئێران لە خاکی ئێراندا هەڵنەگیراونەتەوە کە بەشی نیزیک بە تەواویان لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان (هەر چوار پارێزگاکەی ئیلام، کرماشان، سنە

> **وڵاتانی ئەندام بەرعۆدە دەبن کە مافی هەموو تاکێکی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکان بۆ کەڵکوەرگرتنی ئازادانەو بێ‌گیروگرفت لە زمانی خۆیان بە شێوەی زارەکی‌و بە نووسراوە، چ لەچوارچێوەی بنەماڵەو ژیانی تایبەتیداو چ لەبەرچاوی خەڵك، بەڕەسمی بناسن.**
>
> *(مادەی١٠ی ڕاگەیەندراوی شووڕای ئەورووپا بۆ پشتیوانی لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان)*

و ورمێ) نێژراون و دوای زیاتر لە ٣٥ ساڵ لە کۆتایی شەڕ هێشتا کۆ نەکراونەتەوە و پووچەڵ نەکراون.

## وردەکاریی بەشێك لە جینایەت و کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی

- لە ماوەی ئەمساڵدا ٥ تێکۆشەری سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان بە دەستی تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کران کە چوار کەسیان بەو هۆیەوە گیانیان لەدەست دا: «لوقمان ئاجی» و «عادڵ (سەرباز) موهاجیر» (بەرەبەیانی ڕۆژی ١٦ی پووشپەڕ لە گوندی هەڵشۆی سەر بە قەڵادزێ لە پارێزگای سلێمانی) و «سیامەند شابۆیی» (٢١ی پووشپەڕ لە شارۆچکەی بەحرەکەی پارێزگای هەولێر) لەلایەن مۆرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق تێرۆر کران. هەروەها سۆهراب ڕەحمەتی، ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارێزەر، ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و نیشتەجێی شاری هەولێر ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی خەزەڵوەری لە شوێنی ژیانی لە بەردەم «هانا سیتی» تەقەی لێ کرا و بەتوندی بریندار بوو. هەر لە درێژەی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕۆژی شەممە، ٢٦ی ڕەشەمە شوعەیب زارعی، پێشمەرگە و کادری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەلایەن دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە نزیک مەقەڕی ئەم حیزبە لە «زرگوێز»، سەر بە پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق کەوتە بەر دەستڕێژ و کوژرا.
- کارۆ پەشاوایی، منداڵێکی کوردی خەڵکی شاری کامیاران و دانیشتووی شاری تاران کە لە کۆتاییەکانی مانگی ڕەشەممەی ١٤٠١دا بەهۆی هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکەیان لە شاری تاران ژارخواردوو کرابوو، پاش سێ حەوتوو ڕۆژی هەینی، ١٨ی خاکەلێوەی لە نەخۆشخانە «میلاد»ی تاران گیانی لەدەست دا.
- ڕۆژی چوارشەممە ٢ی خاکەلێوە «بێهزاد عەزیزی» تەمەن ١٩ ساڵ، کوڕی جەماڵ خەڵکی گوندی «دەرگای شێخان» سەر بە شاری بانە لە خاڵی پشکنینی «کەریم ئاوا» بەبێ ئاگادارکردنەوە پێشوەختە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران کوژرا.
- شەوی دووشەممە، ٧ی خاکەلێوە، ئازاد ڕەزایی، تەمەن ٢٥ ساڵ، پەیڕەوی ئایینی یارسان و دانیشتووی گەڕەکی دەرەدێزی شاری کرماشان لە دەوروبەری گۆڕەپانی «نیایش»ی ئەو شارە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە حکوومەتییەکان کوژرا.
- ڕۆژی دووشەممە، ٧ی خاکەلێوە «جەمشید وەیسی»، ٢٠ ساڵە ، کوڕی تاهیر، خەڵکی ئاوای» هەمجەمنە»ی مەریوان، لەکاتی سەربازیی ئیجبارییی لە بنکەی قەڵاجی، بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا. ناوبراو بەبێ ئەوەی هیچ نەخۆشییەکی تایبەتی هەبێت، هەواڵی کوژرانەکەیان بە بنەماڵەکەی ڕاگەیاندووە.

- حوسێن مەلەکی، تەمەن ١٩ ساڵ و خەڵکی شاری هەرسین کە ڕۆژی شەممە، ١٩ی خاکەلێوە لە کاتی ڕاوەدوونانی لەلایەن هێزە حکوومەتییەکانەوە لە شاری قودس لە پشتەوە تەقەی لێ کرا و کوژرا.
- عەبدوڵڵا بەدوی ،خەڵکی گوندی «شەریف ئاوا»ی ورمێ کە ڕۆژی شەممە ٢٦ی خاکەلێوە بە هۆی بێبەریبوون لە خزمەتگوزاریی دەرمانی لە زیندانی ناوەندیی ئەم شارە گیانی لەدەست دا.
- سەجاد چەمەنی، تەمەن ٣٠ ساڵ خەڵکی کرماشان ڕۆژی دووشەممە ٢١ی خاکەلێوە بە تۆمەتی قاچاغی بێنزین بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت درایە بەر دەستڕێژ و گیانی لێ ئەستێندرا.
- ناسر حوسێنپوور، زیندانیی ٤٧ ساڵە خەڵکی بوکان ڕۆژی ١١ی بانەمەڕ بە هۆی بێبەشبوونی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان و نەبوونی چاودێری پزیشکی لە زیندانی ورمێ بە جەڵتەی دڵ گیانی لەدەست دا.
- سامان دەرویشی، زیندانیی خەڵکی هەرسین کە شەوی دووشەممە ١٨ی بانەمەڕ لەژێر ئەشکەنجەی مەئموورەکانی زیندانی تاراندا گیانی لەدەست دا.
- محەممەد عەزیزی، ئاژەڵدار و خەڵکی «دۆڵەبی»ی سەردەشت کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی بانەمەڕ بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم بریندار و چەند فیشەکێکی بەرکەوت.
- لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی بانەمەڕدا لانی کەم ١٠ هاووڵاتیی کورد لە شارەکانی ماکۆ، شووت، خۆی و چالدێران بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران کوژران کە ناسنامەی سێ کەس لەوان بە ناوەکانی ڕەسووڵ خەلکانلوو، مەحموود ئابەست و فەخرەدین عیسازادە ئاشکرا بووە.
- سەید بێهزاد قەیسەری کە ڕۆژی شەممە ١٣ی جۆزەردان لە شەقامی سیلۆی شاری سەقز لەلایەن ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆش (کامیۆن ڕیو)ەوە وەبەر درا و گیانی لێ ئەستێندرا.
- ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ١٩ی جۆزەردان زیاتر لە ٣٠ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە شارەکانی سنە، دیواندەرە و دێولان کە سەردانی گڵکۆی شەهیدان لە شارەکانی سەقز و بۆکانیان کردبوو، لە کاتی گەڕانەوەیاندا لەلایەن هێزە حکوومەتییەکانەوە دەسبەسەر کران کە چوار کەسیان منداڵ بوون.
- مووسا ئیسماعیلی، خەڵکی پەسوێی پیرانشار کە ڕۆژی ١٧ی بانەمەڕ بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەسبەسەر کرابوو، ڕۆژی ١٧ی پووشپەڕ لەژێر ئەشکەنجە لە گرتنگەی ئیتلاعاتی ورمێ گیانی لێ ئەستێندرا. هەروەها پەیمان گەڵوانی، خەڵکی مەهاباد لە ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕدا.
- عەلی مەولایی کە ڕۆژی سێشەممە، ٢٠ی پووشپەڕ لە گوندی «تەختی زەنگی»، سەر بە شاری کامێران، بە تەقەی هێزەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا.
- عەلی نەزەری، تەمەن ٤٠ ساڵ کە ڕۆژی چوارشەممە، ٤ی گەلاوێژ بە تەقەی هێزەکانی کەلانتەریی گەڕەکی «جەعفەرئاباد»ی کرماشان،

> **هەموو گەلێك مافی چارەی خۆنووسینی هەیە. بە هۆی ئەم مافەوە، ئەوان ستاتۆ و ڕەوشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو پەرەپێدانی کولتووریی خۆیان، سەربەستانە دیاری دەکەن.**
> **هەروەها هەموو گەلێك دەتوانێ بۆ ئامانجەکانی خۆی کەڵك لە سامانو سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی وەربگرێ.**
>
> *(ماددەی ١ی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان)*

گیانی لەدەست دا.

- فەریدە حاجیبیان، عەباس پووورداوود، پوویا پووورداوود و شەمسەدین قەیسەری کە ڕۆژی دووشەممە، ٢ی پووشپەڕ لە ئیلام بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوون.

- قازی مستەفا عەلی، خەڵکی ناوچەی «بەمۆ»ی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە باشووری کوردستان کە ڕۆژی سێشەممە، ٢٠ی پووشپەڕ لە کاتێکدا بۆ کوژاندنەوەی ئاگری چیای بەمۆ لە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات چووبووە ئەو ناوچەیە، لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە تەقەی لێ کرا و کوژرا.

- ناسر بەهرامیان، حوجەت مۆئمێنزادە» و «ئارمین نیکزاد» کە ڕۆژی یەکشەممە، ٨ی گەلاوێژ لە کۆبوونەوەی کرێکارانی کانگای زێڕی «ئاغدەرە» لە تیکاب درانە بەر دەستڕێژ و بەتوندی بریندار بوون.

- فەرزاد مەحموودی، سەربازی خەڵکی پیرانشار کە ڕۆژی دووشەممە ١٦ی گەلاوێژ لە بنکەی سەربازی سنووری «کێلەشین» لە شنۆ بە دەستی یەکێک لە فەرماندەکانی ئەو بنکەیە تەقەی لێ کرا و کوژرا.

- ڕەحمان شەمس، سەربازێکی کوردی خەڵکی گوندی «کشمشتەپە»ی سەر بە شاری ماکۆ کە ڕۆژی شەممە، ٢٨ی گەلاوێژ لە بنکەی پاسەوانیی سنووریی حکوومەت لە سنووری شاری قەسرشیرینی سەر بە پارێزگای کرماشان کوژرا.

- حەسەن جووجەگەلوانی، بەندکراوی سیاسیی کوردی خەڵکی پیرانشار کە دوای تێپەڕاندنی سزای پێنج ساڵ بەندکردنەکەی لە بەندیخانەی ناوەندیی ئەردەبیل ئازاد کرابوو، ڕۆژی ٩ی خەرمانان بە شێوەیەکی گوماناوی گیانی لەدەست دا و ناوەندە حکوومەتییەکان ڕێگرییان لە پشکنینی تەرمەکەی لەلایەن پزیشکی دادوەرییەوە کرد.

هەروەها ئارمان سەنگی، بەندکراوی سیاسی پێشووی خەڵکی بانە دوای تێپەڕاندنی دوو ساڵ لە بەندیخانە و سێ مانگ دوای ئازادکرانی، ڕۆژی شەممە ١١ی خەرمانان بە شێوەیەکی گوماناوی گیانی لەدەست دا.

- پوویا بابایی، خەڵکی جوانرۆ ڕۆژی ١٧ی خەرمانان دوای تەقەی هێزە حکوومەتییەکان لە ئۆتۆمبێلەکەی و دەستبەسەرکردنی ناوبراو لەلایەن ئەو هێزانەوە، بەهۆی ئەشکەنجەی دڕندانە و هۆڤانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا.

- حامید باقری، خەڵکی گوندی «تەجەرئەکبەر کەلهوڕ» سەر بە شائاباد لە پارێزگای کرماشان کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی خەرمانان لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە کرایە ئامانجی چوار گوللە و کوژرا.

- هێمن سادقیانی، تەمەن ١٢ساڵ کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی خەرمانان، بەتەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران لە گوندی سنووریی دزاوەر سەر بە شاری نەوسوود بە توندی بریندار بوو.

- فەردین جەعفەری، خەڵکی سەقز کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی و لە ساڵرۆژی قەتڵی حکوومەتیی ژینا_مەهسا ئەمینیدا لە گۆڕەپانی زیندانی سەقز و لە شەقامدا درایە بەر دەستڕێژ و بەتوندی بریندار بوو.

- حەمەد خدر، تەمەن ٦٠ ساڵ و خەڵکی گوندی «ڕەزگە»ی سەر بە قەزای پشدەر کە ڕۆژی یەکشەممە، ٢٣ی ڕەزبەر لە پارێزگای سلێمانیی هەرێمی کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە کوژرا.

- ئارمیتا گراوەند، کچە قوتابیی کوردی تەمەن ١٧ ساڵ، ڕۆژی شەممە ٦ی خەزەڵوەر پاش ٢٨ ڕۆژ مانەوە لە بەشی چاوەدێریی تایبەتی نەخۆشخانەی فەجری تاران گیانی لەدەست دا. ئارمیتا گراوەند، ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی ڕەزبەر لە مێترۆی تاران (هێڵی ٤٧ی مێترۆ) بەهۆی ئەوەی مەقنەعەی لەسەر نەبووە لەلایەن هێزە حیجابپارێزەکانی حکوومەتەوە لێی درابوو و بەهۆی سەختیی بەرکەوتنەکە لە هۆش چووبوو.

- ڕۆژی شەممە، ٢٠ی خەزەڵوەر، کەیوان دێهقان، خەڵکی شاری سەردەشت تەنیا سێ ڕۆژ دوای دەستبەسەرکردنی لە بەندیخانەی ئەو شارە و لەژێر ئەشکەنجەی دڕندانە هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کوژرا.

- کاوە گەویلی، هاووڵاتیی تەمەن ٣٧ ساڵی خەڵکی سنە کە ڕۆژی یەکشەممە، ٣ی بەفرانبار، بە تەقەی هێزە ئیتیزامییەکانی کەلانتەری ١٥ی ئەم شارە گیانی لەدەست دا.

- مەنسوور سلامەت، کوڕی مەحکووم و خەڵکی گوندی «پیسان»، سەر بە ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ کە ڕۆژی چوارشەممە، ٦ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی چەند کاتژمێر دوای دەسبەسەرکران، لە یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی ئەم شارە گیانی لەدەست دا

- بەرزین حەمزەزادە، منداڵی بریندراری تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی سەردەشت کە لە شۆڕشی ژینادا دەسبەسەر و چەندین مانگ ئەشکەنجە کرابوو، ڕۆژی سێشەممە ١٢ی بەفرانبار لەکاتێک کە لە نەخۆشخانەی «خومەینی»ی ئورمیە لەژێر نەشتەرگەریدا بوو گیانی لەدەستدا.

- پەیمان عەبدی، لاوی تەمەن ٣٥ ساڵ و خەڵکی شاری نەوسوودی سەر بە شارستانی پاوە لە پارێزگای کرماشان کە باوکی دوو منداڵ بوو، ڕۆژی سێشەممە، ١٩ی بەفرانبار ی لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئاگاهی لە کرماشان و لەژێر ئەشکەنجەی دڕندانەی ئەو هێزانەدا چووەتە حاڵەتی کۆما، لە نەخۆشخانەی ئەرتەشی ئێران لەو شارە گیانی لەدەست دا.

- ئەمیر شەهبازی، زیندانیی تەمەن ٣٧ ساڵ و خەڵکی ورمێ کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی بەفرانبار بە هۆی درەنگ گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا.

- ئیدریس عەلیزادە، سەربازی کوردی خەڵکی گوندی «میرعومەر»ی سەر بە ناوچەی کۆتوڵ لە شاری خۆی کە ڕۆژی سێشەممە، ٢٢ی ڕەشەممە لەنێو بنکەی سەربازیی حکوومەت لە گوندی ڕازی کوژرا.

- مێهران ئەکرەمی لاوی تەمەن ٣٢ ساڵی خەڵکی شاری تیکاب کە لە ڕەوتی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی مانگی خەزەڵوەری ١٤٠١ لە شاری سەقزدا دەستبەسەرکرابوو، ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی ڕەشەممە لەژێر ئەشکەنجەی هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەدا گیانی لەدەستدا.

- حوسێن عەزیمی، خەڵکی شاری قوروە کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی ڕەشەممە ی لە کاتی دمەقاڵە لەگەڵ برایەکەی بە تەقەی ڕاستەوخۆی یەکێک لە هێزە چەکدارەکانی حکومەت بە ناوی «عەبدولمەلەکی» کوژرا.

> **هیچ کەسێك نابێ ئەشکەنجە بدرێ یان سووکایەتیی پێبکرێ‌و، سزای نائینسانی‌و دڕندانە بدرێ. بەتایبەتی تاقیکاریی پزیشکی‌و زانستی نابێ بەبێ ڕەزامەندیی ئازادانەی کەسەکە لەسەری بەڕێوەبچێ.**
>
> *(ماددەی ٧ی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان)*



IKHRC

Iranian Kurdistan Human Rights Center

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

له بڵاوکراوەکانی
ناوەندی مافی مرۆڤ
بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

newsikhrc@gmail.com

بۆ زانیاری زیاتر،
سەردانی ماڵپەڕی چاونیوز بکەن:
www.chawnews.com